# خوێندنەوەیەکی دەروونی، بۆ شاکەسی چیرۆکی(لووت)ی کەمال سەعدی.

**عومەر عادل عەبدوڵڵا.**

**پوختە:**

توێژینەوەیە،سوودێکی هەرە گرنگی هەیە لە هەردوو بواری دەروونناسی و ئەدەبدا و پەیوەندی پتەوە نێوان ئەم دوولایەنە دەخاتەڕوو، خستنەڕووی سوودی توێژینەوەکە،هەندێک کات توێژەر وەکو قەڵغان و بەرگرییەک بەکاردەهێنیت،لە بەرانبەر بێ بەهانەکردنی توێژینەوەکەی.ئەم توێژینەوەش کە کراوە،سوودێکی گەورەی بۆ پزیشکە دەروونییەکان،بۆ ناسینەوەی ئەو نەخۆشە دەروونییانەی بەهۆی کەموکوڕتییەکانەوە ڕووخسارییەکانییەوە،تووشی هەرەسی دەروونی هاتوون.چونکە ئەم جۆرە نەخۆشیانە،تا ڕادەیەک لە کۆمەڵگەی کوردییدا خەریکە ڕوو لە هەڵکشان دەکات،ئەم لەلایەک،لە لایەکی ترەوە،ئەو کەسانەی کە تووشی هەرەسی دەروونی دەبن،دەوربەرەکانییان دەتوانن لە ڕێگە ئەم خوێندنەوە دەروونییەوە زووتر و باشتر درکی پێبکەن.بەداخەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا نەخۆشییە دەروونییەکان،بەربڵاو و دیارن.

**وشە سەرەکییەکان:**

خوێندنەوەی دەروونی،کەمال سەعدی،چیرۆک،دوودڵی و ڕاڕایی،خۆبەکەمزانین،خۆی هۆگربوون،تاکدەنگی،ترس لە دەربڕینی ڕاز و نیاز.

**پێشەکی:**

وەکو دەزانین،خوێندنەوەی دەروونی و بەکارهێنانی سایکۆلۆژیا بۆ ڕاڤەکردنی وێژە و دۆخی دەروونی وێژەوان،دەگەرێتەوە بۆ باپیرە گەورە زانستی دەروونزانی(سیگمۆند فرۆید).ئەم توێژینەوەش کە ئێستا لەبەر دەستی خوێنەر دایە،شیکردنەوەی شاکەسی چیرۆکی(لووت)ە،لە ژێر هەتاوی زانستی دەروونزانیت و دۆخی دەروونی شاکەسی چیرۆکەکەمان ڕوونکردۆتەوە.تەوەر و سنووری توێژینەوەکە،تەنها لەسەر باسکردنی لایەنی دەروونی شاکەسی چیرۆکی (لووت)ی(کەمال سەعدی)نووسەرە،کە باس لە کاریگەرییە نەرێنییە دەروونییەکانی سەر دەکەین،کە کارییان کردۆتە سەر شاکەسی چیرۆکەکە و هەموو ئەو ڕەهەندە دەروونیانەش دەخەینە بەرچاو،کە کاریگەرییان کردۆتە سەری،چ ئەرێنی بن،نەرێنی،ئەگەرچی زۆربەی هۆکارە کاریگەرەکان،هۆکاری نەرێنی و خراپن.

**خوێندنەوەی دەروونی دەقی ئەدەبی:**

دەروون یەکێکە لەو باس و خواسانەی،کە لە دێر زەمانەوە،گفتوگۆی لەسەرکراوە و تیشکی خراوەتەسەر لەلایەن فەیلەسوف و زانا کۆنەکانەوە،ڕاوبۆچونی جیا جیا و سەیر سەیری لە بارەوە دەربڕاوە.هەر ئەم گرنگی دانەش بوو بەهۆی ئەوە کە دەروون و دیاردە دەروونییەکان بەبنە زانستێکی سەربەخۆ و لە فەلسەفە و بابەتە فەلسەفییەکان جیاببنەوە.هەروەها لە بارەی پێناسەی دەروونناسییەوە،(جۆن واتسن)بەم شێوەیە پێناسەی کردووە:"لقێکە لە زانستە سروشتییەکان،کە ڕەوشتەکانی مرۆڤ وەکو بابەتی لێکوڵینەوە وەردەگرێت"(د.بخوش

ولید،٢٠١٧،ص٦)کەواتە دەروونناسی لقێکە هەرە گرنگە لە دەروون و ڕەفتار و ڕەوشتەکانی مرۆڤ شیدەکاتەوە،بەو ئامانجەی بگات بە ڕاست و ئەو هۆکارانە کە کاریگەرییان خستۆتە سەر هەموو جوڵە و ڕەفتارەکانی تاک."فرۆید تەواو یەقینی هەبوو کە مرۆڤی کۆن و مرۆڤی نویٚ خاڵی نین لە سایکۆلۆژیا و هەریەکەیان بە جۆرێک دەردەکەوێت لە زەمەن و ژینگەی تایبەتی خۆیدا.ئەم هەوڵەشی بۆ ئەوە بوو کە ڕەگەکانی ئەو باوەرانەی بدۆزێتەوە،کە لە ناو مێژووی گەلە سەرەتاییەکاندا.هەروەها بەدەر لەمەش هەوڵەکانی خۆی تۆخکردەوە لەسەر ئەفسانە و چیرۆک و بەسەرهاتە کۆنەکان بۆ دۆزینەوە ڕەگەزی دەروونی و سایکۆلۆژی ئەو ڕووداوانەدا،وەکو لێکوڵینەوە لە ئەفسانەی ئودیبی یۆنانی و بەشێکی زۆری ئایدۆلۆژیا و ئاینزانەکان"(پێشڕەو عەبدوڵڵا،٢٠١٢، ١٠)ئیتر وردە وردە ئەم لێکوڵینەوانەش پانتایان فراوان بوون و ڕژانە نێو زانست و وێژەکانی ترەوە.لە گرنگترین ئەوە لایەنانەش،کە ڕژایە نێو جۆباری زانستی دەروونناسییەوە،ئەدەب و شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان بوو،بە پێی مێتۆدە دەروونزانییەکان.یەکێکیش لەو میتۆدە دەروونزانیانە کە بۆ لێکوڵینەوەی دەقە دەروونییەکان بەکاردێت،دەروونشیکارییە.

هەموو دەقێکی ئەدەبی تەواو و زیندوو،خاوەن ڕەهەندی خۆیەتی و هەندێکجار دەق زیاد لە ڕەهەندێکی تێدایە،وەکو ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی...،ئەم ڕەهەندانەش،هەندێک کات خوێنەر هەستییان پێدەکات،بە تایبەتی خوێنەری زیرەک،هەندێک کاتیش خوێنەر هەست پێناکات،تا ئەو کاتەی دەقە ئەدەبییەکە دەخرێتە ژێر توێژینەوە. دیارە،مەبەست لە خوێندنەوەی دەروونی،خوێندنی دەقێکی ئەدەبییە بە پێی ڕەهەندە دەروونییەکانی ئەو دەقە، جا چ شیعر بێت یان ڕۆمان یاخود چیرۆک،واتا لەسەرجەم لایەنە دەروونییەکانی ئەو دەقە دەکۆڵێتەوە بەبێ یەکێک لەو لایەنە دەروونیانە پشتگوێ بخات،کە لە نێو دەقەکەدا هەن،ئەمەش بە مەبەستی ڕوونکردنەوە کاریگەرییە دەروونییەکانی سەر ئەو دەقە."ئەگەر ئاسەواری سایکۆلۆژی لە خۆیدا بە زەقی دەبینرا،لەو کاتەدا،خوێندنەوە دەروونی سەرپەرشتیاری پێکهاتەکانی دەق دەکات،کە بابەتەکانی نائاگایی و کەبت و نەژادی و بابەتە دەروونییەکانی تر،بەو واتایەی کە شیکاری دەقی دەروونی ئەو خوێندنەوەیە کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ پێکهاتە دەروونییەکەی."(د.محمد عیسی،٢٠٠٣، ٢١)،ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە توێژەر تاکو خوێنەرێکی دەروونی دەق نەبێت،ناتوانێت بێتە توێژەرێکی دەروونی دەقی ئەدەبی.گرنگی خوێندنەوەی دەروونی دەقی ئەدەبی،لە چەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە:

١.زانینی لایەنە کاریگەرییەکانی سەر ئەدیب،ئەم ڕێگەش،هەڵبەتە فرۆید یەکەمین کەس بوو،بەکاریهێنا،وەکو لەدەقی ئەدەبی(عبدالقادر طبیب،٢٠١٥، ٦)کە توێژەر لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکەوە،دەگاتە بە دۆخە دەروونییەکانی شاعیر و پەی بە زۆربەی ئەو کاریگەرییە ناوەکییانە دەبات،کە پاڵنەرێکی بەهێز بووە،بۆ هۆنینەوەی دەقە شیعرییەکەی.

٢.گەیشتن بە گەوهەری دەقی ئەدەبی و خەملاندنی بەهایی دەقی ئەدەبی،یەکێکی لە سوودەکانی خوێندنەوەی دەروونی بۆ دەقە ئەدەبییەکان،کە تا چەند ڕەهەندە دەروونییەکان قووڵ و ژێرپەردە بن و هەموو خوێنەرێک نەتوانێت بە سانای لێیان تێبگات،چونکە گەر دەقی ئەدەب ئەوەندە سادە و ساکار بوو،هەموو کەسێک توانی شیبکاتەوە،ئەوە یەکێک لە پاییە ئەدەبییەکانی لە دەستدەدات،کە ئەویش ناسادەیی دەقە.

٣.ڕوونکردنەوە لایەنی دەروونی شاکەسەکانی نێو چیرۆک و ڕۆمانەکان بۆ خوێنەر،کە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر بە چاوێکی ڕەخنەییەوە،دەقە ئەدەبییەکان بخوێنێتەوە و وەکو نووسینێکی سادە و هەرەمەکی بەسەرییدا گوزەر نەکات.یەکێک لەو چیرۆک و ڕۆماننووسانە کوردانەی کە چیرۆک و ڕۆمانەکانی پڕن لە ڕەهەندی دەروونی و گرێی دەروونی(شێرزاد حەسەن)ە کە لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا،ئەمە ڕوونکردۆتەوە،کە"چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن بە شێوەیەکی گشتی ئەو ڕەهەندە دەروونییە قووڵەیان تێدا هەیە،کە بە چیرۆکی دەروونی ناویان ببەین،چونکە پڕن لە هەڵچوونی دەروونی و خەسڵەتە دەروونییەکانی وەکو:شەرم و ترس،کە دوو خەسڵەتی هەرە گرنگی دەروونین لە زۆربەی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن."(هەڵمەت بایز ڕەسوڵ،٢٠١٢، ٢٣٨)

**پەیوەندی نێوان چیرۆک و لایەنە دەروونییەکانی مرۆڤ:**

دەروون هەمیشە بەشێکی نەبڕاوە و پەیوەستبووە بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەروون پەیوەندییەکەی کۆن و دوور و درێژە.سەرەتای ئەم پەیوەندیەش و"ڕیشەی کاریگەری دەروون لە دەقی ئەدەبییدا بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە.بۆ نموونە کاتێک (ئەفلاتوون)کۆمارەکەی دەنووسێت،هیچ شوێنێك بۆ شاعیرەکان دانانێت،ئەویش بیانووی ئەوەی شاعیرەکان ناتوانن ڕاستییەکان بگەیەنن و گەنجەکان بە لاڕێدا دەبن و دەروونیان تێکدەدەن،وایان لێدەکەن گوێ بە هەست و سۆزیان،نەک عەقڵیان بدەن،ئەم تێڕوانینە هەمان ئەو تێڕوانینە میتافیزیکیانەیە،کە دەروون و شتێکی خراپە و مرۆڤ تووشی گوناح و تاوان دەکات."(حەمە مەنتک،٢٠١٨، ٧٥)ئەمەش سەرەتاترین کاریگەری دەروون و ڕەهەند دەروونییەکانە لەسەر دەق و پاشان خوێنەری دەق.

سەرەتای لێکوڵینەوە لە چیرۆک لە ڕوانگەی دەروونییەوە دەگەڕێتەوە بۆ"بۆ تەرکیزکردن لەسەر کاریگەری هەڵچوونەکان و سۆز و بزاڤ و جوڵەی خەیاڵ لە ئەفراندنی ئەدەبدا ڕێگەی خۆش کرد بۆ بوونی فرۆیدیەت وە بەشداری کرد لە هێنانە کایەوەی گەلێک توێژینەوی دەروونی کەتیشکیان دەخستە سەر کرداری ئەفراندنی ئەدەبی لە گۆشەی دەروونییەوە" (د.شکري عزیز الماضي،ساڵ ــ،١٤٧)واتا لەگەڵ خونچەکردنی زانستی دەروونی و لێکوڵینەوە لە زانستی دەروونی و پاشان بە کردارکردنی ئەوە زانستە بەسەر کێشە دەروونییەکانی مرۆڤدا،وایکرد کە زانیاری لایەنە دەروونییەکانی ژیانی مرۆڤ و کاریگەرییە دەروونییە باش و خراپی نێو دەقە ئەدەبییەکان،ببنە کەرەستی لێکوڵینەوە بەلای لێکولەرانەوە. هەروەها،فرۆید یەکەمین دەروونناس بوو،کە ئەدەب(وێژە)ی بەکارهێنانی بۆ ڕاڤەکردنی دەروون کە لە ڕێگەی ئەدەبەوە توانی شیکاری بۆ دۆخی دەروونی هەندێک لە ئەدیبان بکات و توانی بگات بە هەندێک ڕاستی کە پێشتر هیچ دەروونناسێکی تر پێی نەگەیشتبوو،هەروەکو(فرۆید)خۆی دەڵێت:" شاعیرەکان و چیرۆکنووسەکان پایەدارترین هاوپەیمانمانن و پێویستی ڕێز دانپێنانەکانیان بگرێت،وەک باشترین ڕێزدار،لەبەر ئەوەی شتەگەلێک دەزانن کە ئێمە لە قوتابخانەکانماندا(دیارە مەبەستی قوتابخانەی دەروونشیکارییە)ناتوانین خەیاڵیشی بکەین،ئەوان لە ناسینی دەرووندا گەورەی ئێمەن و ئێمت کۆمەڵە خەڵکانێکی سادەیین،لەبەر ئەوەی ئەوان دەگەن بە شتانێک کە زانست پێ نەگەیشتووە"(چان بلیمان نویل،١٩٩٧،ص٧)ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کە شاعیرەکان بە تایبەتی

و ئەدیبەکان بە گشتی پەیبەری قوژبنە شاراوەکانی ناخی مرۆڤن و دەتوانن لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە گوزارشت لە دۆخە دەروونی و ناوەکییەکان مرۆڤ بکەن،کە وێژە و زانستەکانی تر دەستپاچەن لە ئاست ئەم کردارە گەورەدا.چونکە زانست بە بەڵگە خۆی دەهاوێژێتە نێو ڕاستییەکان.بەڵام ئەدەب بەردەبازێکە، لە نێوان زانست و ڕاستییدا و هەمیشە لە ڕێگەی خودی خۆیەوە دەگات بە ڕاستییەکان،بێ ئەوەی پێویستی بە بەڵگەی ڕاست بێت،چونکە ئەدیب باسە لە ڕاستییەکان دەکات و ئەو ئەدیبەش بەرهەمەکانی شایەنی تۆێژینەوەیە،کە نووسینەکانی ڕاستگۆ و سەرڕاست بن.چونکە گەر نووسینەکانی هەڵقوڵاوی کانیاوی دەروون و ناخی نەبن،ئەوە تەزوو ناخاتە گیان و دڵی خوێنەرەوە و وەکو دەقێکی نیمچەمردوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

لەبەر ئەوەی،دەروون و ناخ بەشێکی گرنگن لە پێکهاتی کەسایەتی مرۆڤ و بونیادی مرۆڤ پێکدەهێنن لە نێو کۆمەڵگەدا،هەمیشە جێگەی باس و خواسی ئەدیبان بووە،بە تایبەتی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسان،بۆ تیشک خستەسەر کێشە دەروونییەکانی تاک لە کۆمەڵگەدا و لە ئەنجامی هەستکردن بەو کێشانە،هەندێک لە چیرۆکەکانیان لێوانلێو کردووە لە ڕەهەندی دەروونی و خستەڕووی تێکچوونە دەروونییەکانی مرۆڤ،یان"ئەدیب و هونەرمەندان، ڕێگە و ئاڕاستەی داهێنان وەردەگرن،بۆ خۆدەربازکردن لەو هێزە دەروونییە و شڵەژانە دەروونییە،ئەگەر کەسانی ئاسای لە ڕێگەی خەونەوە بەشێک لەو حاڵەتە نائاگایانە و ململانێ دەروونییان کەم بکەنەوە،ئەوا نووسەر لە ڕێگای میکانیزمی دەروونی(بەرزکردنەوە و سەرخستن)دا ئەو حەز و مەیلە سەرکوتکەرانەی،کە تێرنەکراون پاڵیان پێوە دەنێت لە ڕێگای میکانیزمی ناوبراو بێنە تێرکردن."(هەڵمەت بایز ڕەسوڵ،٢٠١٢، ٣٤)واتا:لە ڕوانگەی دەروونییەوە،بەرهەمی ئەدەبی دەرئەنجامی هەموو ئەو پاڵپەستۆ و فشارانەن،کە بەسەر کەسایەتی نووسەردا هاتوون و نووسەریش وەکو ڕزگاربوون لەو فشارە و پاڵپەستۆ دەروونییە، پەنا دەباتەبەر ئەدەب و دەیکات بە پەنجەرەی هەناسەگۆڕێکێی،نەبادا ئەو ئارێشە دەوونییە هەرەسی پێ بەرێت.شایەنی باسکردنە،خوێندنەوەی دەروونی تەنها تایبەت نییە،بە ئەدەب و ژانەرە ئەدەبییەکان،بەڵکو دەتوانین لەو ڕێگاوە شیکاری بۆ هەندێک لە تابلۆ و وێنەکان بکەین.بۆ نموونە لە ڕێگەی وێنەکەی کێشراوەوە،دەتوانین بگەین بە دۆخی دەروونی هونەرمەندەکە.

چیرۆک"شێوەیەکە لە شێوەکانی داڕشتی پەخشانئامێز و کۆمەڵێك ڕووداوە کە چیرۆکنووس دەیگرێتەوە،کە پێک دێت لە ڕووداوێک یان کۆمەڵە ڕووداوێک..."(نعیمة انسان،٢٠١٥، ص٧)دەشێ ئەم ڕوداوانە،هەڵگری ڕەهەندی کۆمەڵایەتی یان دەروونی یان ئەفسانەیی ...بن،چونکەهیچ چیرۆکێکی نییە،خاڵی بێ لە لایەنە و ژیانەکانی مرۆڤ،ئەگەرچی زۆریش لە ژیانی مرۆڤ و تاکەکانی کۆمەڵەوە دابڕێت،ئەوە لە سووچێکی چیرۆکەکەوە بەبێدەنگی،وەکو پێنووس کە چۆن خۆ دەژەنێتە مورەکەبدا،ئاوا خۆی دەژەنێتە نێو ژیانی ڕاستەقینەوە.

چیرۆکیش وەکو ژانەرێکی ئەدەبی،بەدەر نییە لەو لایەنە دەروونییانەی کە لە ڕۆژانەماندا ڕەنگ دەدەنەوە."کورتە چیرۆک هەندێ لە لایەنە هونەرکارییەکانی لەسەر دەستکەوتە زانستییەکان دادەمەزرێنێ،بە تایبەتیش زانستە مرۆییەکانی وەکو کۆمەڵناسی و دەروونزانی و

لۆژیک."(سەنگەر زراری،٢٠٢١، ١١٠)هەروەها،گەورەی چیرۆک لەوە دایە،لە ڕێگەی چەند پەڕەیەکی کەمەوە پەی بە نهێنیکی گەورەی ژیان دەبدات.(میلان کۆندێرا)دەڵێت:"تاقە پاساوی بوونی ڕۆمانێک لەوەدایە کە لایەنێکی نەناسراوی ژیان بدۆزێتەوە،نەک هەر تەنیا ئەوەندە،بەڵکو لایەنێک کە تەنیا ڕۆمان دەتوانێ بیدۆزێتەوە."(میلان کۆندێرا،٢٠٠٨، ٣٠) چیرۆکیش،بە هەمان شێوەی ڕۆمان دەتوانێت پەی بە شتە شاراوەکان بەرێت،ڕەنگە مەبەست لە شتە شاراوەکان،ئەو شتانە نەبن،کە تا ئێستا زانست پێی نەگیشتووە،بەڵکو وەکو هەر شتێکی ئەم گەردوون بوونی هەیە و ئاشکران،بەڵام پێویست ئەکا باس بکرێن لە نێو چیرۆک و ڕۆمانەکاندا بۆ ئەو لێڵییە لەسەر ڕووخسار ئەو لایەنە ئاشکرا کراوە ئاشکراتر بێت

مرواری و گەوهەری چیرۆکە دەروونییەکان،یان ئەو چیرۆکانەی کە تەژین لە ڕەهەندی دەروونی لەوە دایە:کە لە ڕێگەی چەن لاپەڕەیەکی کەم و کورتەوە،پەردە دائەماڵێت لەسەری لایەنێکی گەورە یان کێشەکەی گەورەیی مرۆڤ،کە ئەمە توانا و خاسیەتەش،تەنها لە چیرۆکدا هەیە.

**خوێندنەوەیەکەی دەروونی،بۆ شاکەسی چیرۆکی(لووت)ی کەمال سەعدی:**

(کەمال سەعدی)،یەکێکە لەوە نووسەرانەی خاوەنی چەندین کتێبە،چ لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و یاسا بێت،چ لە بوارە ئەدەبییەکانی کتێب و ڕۆمان و خاوەنی زیاتر لە (٤٠)پەرتووک و بڵاو کرایەوە،بە زمانی کوردی و عەرەبی،ئەو پەرتووکانەش کە لە بوارەکانی ئەدەب و بوارە یاسادا لە چاپی داوە،ئەمانەن:

شەش کورتەچیرۆکی کوردی – هاوبەش.

- ون بوون – کۆمەڵە چیرۆک.
- دەرگا – کۆمەڵە چیرۆک.
- سەعید زەبۆکی لای خۆمان – رۆمان.
- تڕحێو – کۆمەڵە چیرۆک.
- فەنتازیا- کۆمەڵە چیرۆک

مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان_ ڕۆمان

بیرەوەریی جەنگاوەرێک_ ڕۆمان

خانمباز – رۆمان

حەج و عومرە – رۆمان

رۆژگارە تاریک و دژوارەکان – رۆمان

زەبۆکەکەی لای خۆمان- رۆمان – چاپی دووەم

شەوانی باکۆ – رۆمان

ئەو کتێبانەی کە لە بواری یاسادا داینراون:

- چەمکی یاسا
- حقوق الانسان بە زمانی عەرەبی
- الملکیە الفکریە بە زمانی عەرەبی
- حقوق الانسان بین المواپیق الدولیە والمژاهب الفکریە بە زمانی عەرەبی
- حقوق المۆلف وسلگە الصحافە بە زمانی عەرەبی
- حقوق الانسان فی المژاهب الفکریە بە زمانی عەرەبی

- حقوق الانسان ومعاييرها الدوليه به زمانی عەرەبی
- التنقيم الدستوری والدولی لحقوق الانسان به زمانی عەرەبی
- الاگار القانونی لحریه الصحافه به زمانی عەرەبی
- دراسات فی القانون العام به زمانی عەرەبی

بەڵام تا ئێستە توێژینەوەیەکی ئەوتۆ لەسەر بەرهەم ئەدەبییەکانی نەکراوە،کە زۆرێک لە چیرۆکەکانی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی کوردی و دەروونی تاک کورد پیشان دەدەن.ئەم چیرۆکەش بە ناوی چیرۆکی(لووت)کە باسی لە گەنجێک دەکات،بەهۆی کەموکورتییەک لە ڕووخساری و سیماییدا،چەند گرفت و تێکچوونی دەروونی ڕووی تێکردووە و تەنگی بە دۆخی دەروونی هەڵچنیوە.ئەو کەموکورتیەش،بەهۆی جۆرە ناشرین و نارێکیەکە بوو لە لووتییدا.هەر ئەو نارێکییە بچووکە تووشی هەرەسێکی گەورەی دەکات،لە ئاست ئەڤینی کچە شۆخێکی هاوپۆلی زانکۆییدا.ئەمەش پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوە هانا و فریایی بەرێتە لای پزیشکی جوانکاری و خۆی بخاتە ژێر نەشتەری پزیشکەوە.
مێژووی چیرۆکەکە،بەش بە حاڵی من مێژوویییەکی تازەی نییە،چونکە لە ساڵی(١٩٩٩) لەگەڵ چەند چیرۆکێکی تردا لە چاپ دراوە،کە ئەو ساڵە ساڵی چاو هەڵێنانی من بە ڕووی ئەم دونیا گرژ و مۆنەدا.

ئەم چیرۆکەی(کەمال سەعدی)،گەر دەقاودەق لە ڕاستییەوە بەرجەستە نەکرابێتەوە نێو دەقە ئەدەبییەکەوە(چیرۆک)،ئەوە پشکێکی گەورەی ڕاستی تێدایە.لەبەر ئەوە ئەدەب بە هەموو ژانەرەکانیەوە،بە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و ئەفسانە و...هەرچەندە ئاوەچۆڕی نێو شەتاوی خەیاڵ و دونیا سەروو بیرکردنەوە و ڕاستبینی بێت،هەمیشە لە جۆگەڵەیەکەوە دەرژێتە ڕووباری ڕاستی و واقیع و ڕەنگدانەوەی با کۆمەڵی تێدایە.چونکە"ئەدیب مرۆڤێکی ئاساییە و هەڵدەستێت بە چالاکییەکی مرۆیی و بەو پەڕی تواناییەوە هەوڵ دەدات،ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگە بەرجەستە بکات،کە تێیدا دەژێت"(عبدالحسن طه بدر،١٩٨١، ٦).ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە،کە ئەدیب هەرچەندە لە ژێر بۆچوونەکانی خۆیدا هەڵسوکەوت بکات و جووڵێتەوە،دواجار شوێنپەنجەی کۆمەڵگە و کاریگەرییەکانی بە کەسایتییەوە دیارە.

ئێمە ڕۆژانە چەندان کەس دەبینین،بە هۆی کەموکورتییەکەی بچووکەوە،چەندین بیرکردنەوەی نەرێنی دەروونییان لا دروستبووە و تووشی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و سۆزداری و دەروونی هاتوون،یان ڕوونتر بڵێین:ئەو کەموکورتییە جەستەییە ئەوەی لا دروستکردوون و وای لێکردوون،تووشی هەرەسێکی گەورەی دەروونی ببن،یاخود والێکردوون هەڵبێن لە نێو کۆڕ و دانیشتە کۆمەڵایەتییەکان و دوورەپەرێز بن.ئەمەش گەر تێبینی لە نێو هەندێک لە دەوربەرەکانی خۆماندا دەیانبین.تەنانەت هاوڕێی نزیکی خۆم هەبوو،لەبەر شکاویەک لە لووتییدا ئامادە نەبوو،بە کچێک بڵێ خۆشمەوێ،کە پرسیارم لێی کردووە،بۆ ڕازی خۆتی بۆ دەرنابڕی،زۆر کۆمیدیانە وەڵامی داوە و وتوویەتی:"با لووتم تەجمیل بکەم."

هەروەها لووتی زلی و نارێکی و شکاوی لووت،یەکێکە لەو کێشە دەروونییانەی کە دووچاری تاکەکانی کورد بۆتەوە و زۆر لە گەنجان و هەرزەکارانی لە خۆی کۆکردۆتەوە.هەڵبەتە نەشتەرگەرییە جوانکارییەکان، یەکێکە لەو لایەنانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی زۆر

گرنگی پێدەدەن و بە جۆش و تاسەوە سەردانی پزیشکەکانی جوانی دەکەن،بەو ئومێدەی بتوانن،ئەو کەموکورتییانەی لەسەر ڕووخسار هەیە،کەمی بکەنەوە.خاسیەتە خراپەکانی جوانکاری ڕووخسار ئەوەیە،کە تەنها ڕووی دەرەوەی مرۆڤە دەرازێنتەوە،بۆ ئەوە دەست بخاتە ناو و ناوەڕۆکییان،بێگومان ئەم جوانکاریە جوانکارییەکەی کاتی و زەمەنییە،بەڵام ئەو جوانییە کە هەرگیز تێکناخوات و چرولۆچ نابێت،جوانی و قەشەنگی ناخ و جوانبینی مرۆڤەکانە بۆ ئەم دونیا ناقۆلاو و چەوتە.
لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا،جوانکارییەکانی لووت و دەموچاو یەکێکە لەو خوو دەروونییانەی کە گەنجان بە تایبەتی و تاکەکانی کۆمەڵگە بە گشتی بووە بە خولیا و حەزێک بۆیان و دەیانەوێت جوانتر و ڕزاوەتر دەربکەون لە نێو هاوڕێی و دەوربەرەکانییدا،ئەمەش شتێکی ئاساییە،چونکە هەموو مرۆڤ حەزی بە جوانییە و جوانبوون و جوان دەرکەوتن خەونی هەموو کەسێک سەر ئەم زەمینەیە،چ جوانی کەسایەتی بێت،یان جوان ئەدگار و سەراسیما.بەڵام بە مەرجێک پەلنەکێشێت،بۆ لێکەوتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی تر،چونکە کەسانێک هەن،ئەوەندە پابەند بە ڕووخسار و خۆڕازاندنەوە و تیف تیفە کردنی خۆیان،لە ئەنجامدا ناگاتە بەو کەڵکەڵەی جوانییە و جوانبوونە،کە خۆیان ئارەزووی دەکەن.لە ئەنجامی ئەمەشدا،ڕووبەڕووی بێئومێدی و ڕەشدیدەی و خەمۆکییەکەی سەخت دەبنەوە،ئەم بێئومێد و ڕەشدیدەی و غەمگینەیە گەر بەرزەفت نەکرێت،لە هەر بارودۆخێکدا دەبێتە خوو و پاش لە خووەوە دەپەڕێتەوە بۆ نەخۆشی دەروونی کە ئەمەش کارەساتێکە بۆ خۆی.
لووت دوو ئەرکی هەرە سەرەکی هەیە،یەک بۆنکردن و دوو هەناسە گۆڕکێ،بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا،هەندێک لە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیی ئەرکی سێیەمی دەخەنە پاڵ،بەوی کە ئەرکی جوانکاری و ڕێککردنەوە ڕووخساری هەیە.چونکە ئەوان وادەبینن، بچووکردنەوە و ڕێککردنەوەی لووت دەبێت هۆی ئەوەی ڕووخسار وسیماییان جوانتر دەرکەوێت.
لە چیرۆکی(لووت)دا،چەندین شڵەژانی دەروونی و کەسی لە شاکەسی چیرۆکەکدا بەدی دەکرێت،کە ئەم هەموو شڵەژان و تێکچوونە شایەنی خوێنەوەیەکی دەروونی سەراپاگیرە بۆ دەقەکە.چونکە خوێندنەوەی دەروونی دەبێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی دەقە ئەدەبییەکە لایەکە و پاشان خوێنەر دەتوانێت زۆر بە جوانی لە لایەنە شاراوەکانی دەقەکە بگات و سەرجەم ئەو پرسیار و گومانانەی چنگ کەوێت،کە بیر و هزرییدا کەڵەکەی کردووە.چیرۆکی(لووت)گەر خوێنەری ئاسایی بخوێنێتەوە و بە چاوی چێژەوە بەسەر دێرەکاندا تێپەڕێت و درک بە ڕەهەندە دەروونییەکانی نەکات،ئەوە تەنها چیرۆکێکی سادەی خوێندنەتەوە و هیچ تر.وەلێ گەر خوێنەرێکی چاوکراوە و درککەر بە دیقەتەوە قووڵبێتەوە بە نێو بە نێو ڕستەکان و لە پشت وشەکانەوە بۆنی نهێنییەکی تر بکات،ئەوە بۆ دەردەکەوێت،ئەم چیرۆکە تەنها چیرۆکێکی کەم ڕەهەند و سادە نییە،لە چوار پەڕەدا نووسرابێتەوە،بەڵکو چەندین ڕەهەندی دەروونی لە خۆگرتووە.

**دووڵی و ڕاڕایی(وەسواسی.):**
دووڵی و ڕاڕایی،یەکێکە لەو خوو نەرێنە دەروونییانەی کە ڕووبەری هەنێک لە مرۆڤ دەبێتەوە.ئەو کەسەی تووشی ڕاڕایی دەبێت،هەمیشە نادڵنیاییە لەو کارانەی وەها ئەنجامی دەدات و چەندین جار ئەو کارە دووبارە دەکاتەوە.وەسواسی لەلایەن زانایانی دەروونناسییەوە بەم چەشنە پێناسە کراوە:"ئەو بیرۆکانەی کە لە هزری کەسەکان دووبارە دەبێتەوە و ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات،و دەبێتە مایەی ناڕەحەتی بۆی،چونکە حاڵەتێکی بەردەوامی هەیە"(عزالدین

مستەفا احمد،٢٠١٤، ٢٩٣)یان بریتییە لە پەشێو و دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام،کاتێك کەسەکە تووشی کۆمەڵێک بیرکردنەوە گوماناوی دەبێت دووبارەبوو دەبێتەوە،کە دەشێ پاڵی بنێت بەرەو هەڵسوکەوتی دووبارە.کەواتە واسواسی بیرکردنەوەیەکی بەردەوامی تاک لە شتێک یان کێشەیەک کە بوونی نییە یان شایەنی زۆر بیرکردنەوە نییە.بەڵام ئەمە ئەوە ناگەنێت،کە هەرکەسێک بۆ چەند جارێک کارێکی دووبارەکردەوە ڕاڕاییە،بەڵکو دەتوانیت ئەو کاتەکە بڕیار لەسەر ڕاڕابوونی ئەو کەسە بدەین تاکو ئەو کردارە لە خۆید دەکاتە نەریت و بۆ چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە.
مرۆڤی ڕاڕا و دوودڵ،زۆرجار لە کارەکانی بە گومان و گەر خاترجەم بێت،لە ئەنجامدانی کارەکەشی ئەوە دووبارە دەگەڕێتەوە و سەرلەنوێ دووبارەی دەکاتەوە،بۆ نموونە:کەسێک لە ترسی نەخۆشییە گواستراوەکان و پەتەکان،چەندین جار دەڕواتە لای دەستشۆرەکە و دەستی دەشوات و هەندێجاریش،بە یەکجار و دووجار قایل نابێت و چەندجارێکی تریش ئەو کارە دووبارە و سێبارە دەکاتەوە.
دیارە ئەم نەخۆشییە دەروونییەش،کۆمەڵێک لێکەوتی خراپ و نەرێنی هەیە،چونکە"ئەم نەخۆشییە هەموو لایەنێک لە لایەنەکانی مروڤ پەکدەخات،لە نێوانیاندا ڕێگەی بیرکردنەوە و هەست و هەڵسوکەوت،هەروەها نیشانەکان دەگۆڕێت،بە پێی بەهێزی وتوندی نەخۆشییەکە،هەندێک کاتێک زۆر توند دەبێت و هەندێک کات زۆر هێمن و ئارام."(حصة بنت مسفر الغامدي،٢٠١٩، ٩)ڕاڕایی و بەدگومان،هەر لە سەرەتایی چیرۆکەوە لە شاکەسی چیرۆکی(لووت)دا بەدی دەکرێت و کارەکتەرەکە خەمی لووتی دەخوات و لێی بووە،بەبە گرێییەکەی دەروونی.هەر وەکو چیرۆکنووس دەیگرێتەوە:

هەموو بەیانییەک پێش چوونە کوڵێج،بەرامبەر ئاوێنەی ژووری نووستن دەوەستا و بە وردی دەڕوانیی لووتە شکاوەکەی،زۆر خەمی دەخوارد.(کەمال سەعدی،١٩٩٩ ، ١٣)

لەبەر ئەوەی چیرۆکنووس دەستەواژەی(هەموو بەیانییەک)ی بەکارهێناوە ئەمەش کردارێکی دووبارەوە بووە و ئەگەر ڕاڕایش نەبێت،ڕەنگە لە داهاتوودا بەرەو ڕاڕایی پەلوپۆ بکێشێ.چونکە نەخۆشی واسواسی بەوە دەناسرێتەوە،کە بۆ چەندجارێک ڕەفتار و کارێک دووبارە دەکاتەوە.

**گرێی خۆ بەکەمزانین:**
خۆ بە کەمزانین،سیفەتێکی نائاسایی مرۆڤە دەروون ناساغەکانە.ئەو کەسانەی کە خاوەن دەروونێکی ناتەندروست و ناساغن،هەردەم لە ئاست دەوربەر و کەسانی چواردەورییاندا خۆیان کەمتر دێتە پێش چاو و پێیان وایە،ئەوان شایەنی ئەو شتانە نیین کە بۆیان دەستەبەر کراوە،یان ئامانجیانە بە دەستی بهێنن.
ئەمەش بۆ خۆی مەترسییە،بەڵام مەترسییە گەورەکە ئەوەیە،دیاردەی پچڕ پچڕی خۆبەکەمزانین پەرەبسێنت بۆ گرێی خۆبەکەمزانین،چونکە ئەو دەمە ئم کێشە دەروون قوڵتر و قوڵتر دەبێتەوە و چارەسەرکردنیشی پێویستی بە دکتۆری دەروونی و چارەسەر وەرگرتن و ڕێنماییە.

"داهێنەری زاراوەی(گرێی خۆ بەکەمزانین)،ئەگەڕێتەوەبۆ باوکی تێۆری

دەروونشیکاری(سیگمۆند فرۆید)،کە ئەم زاراوەی بۆ گوزارشتکردن لەسەر هەڵچوونە نەرێنەکان کە لە ترسێکی زۆری جەستەی یان هەستکردنێکی لە ڕادەبەدەر بەم کەموکورتییە" (ماکبراید،ساڵ،٧)ئەمەش یەکێکە لە گرێ دەروونییە گەورەکان و بەهۆی ئەو کەمورتییە بچووکانەوە کە لە مرۆڤەکاندا هەن،هەندێ کات جڵەوی بیرکردنەوە و تێهزرینی ئەو مرۆڤ بەرەو دۆڵی بیرکردنەوەی نەرێنی دەبن و لە بیابانی خۆ بەکەمزانین بەرەڵای دەبێ.خۆ بەکەمزانین،وەکو چەندەها نەخۆشی دەروونی تر،کاریگەر خراپی هەیە و هەمیشە کەسی خۆبەکەمزان وا هەست دەکات ئەو شایەنی هەندێک شت نییە،کە دەبنە بەشێک لە ژیانی ئەو. هەم هەستەش،بە زۆری لە منالٚییەوە پەرەدەسێێت و پاش داهاتووی ژیانی ئەو کەسە دادەپۆشێت و خامی ڕەشی خۆبەکەمزانین هەموو کەسایەتی دەتەنێ.

لە گرنگترین ئەو هۆکارانەشی کارە دەکەن سەر پەیدابوونی ئەم هەست وەکو دەروونناس ئاماژەییان پێکردووە،بریتیین لە(تەنیایی و گۆشەگیری و هەڵهاتن لە ڕکابەرییەکان و زوو کەوتنە ژێر کاریگەری کەسانی ترەوە..و هەندێ هۆکاری تر)کە با کەسایەتی مرۆڤەکان لاسەنگ دەکەن و بەلای چەندین خووی نەرێنی دەروونییدا دەیانخەن

لە بارەی ناساندنی گرێی خۆ بەکەمزانینەوە وتراوە" بریتییە لەو هەستەی کە لای تاک دروست دەبێت،کە تاک هەست بە بێزاری و پەشۆکان و کەمی کەسایەتی دەکات،بەراورد بە کەسانی تر و هەوڵ دەدات ئەم خۆبەکەمزانییە بە شتانێکی تر قەرەبوو بکاتەوە." (سهرابی،صدقي،٢٠١٧، ٥)هەستی خۆبەکەمزانین،بەهۆی چەند هۆکارێکەوە دروست دەبێت،یان"یەکێک گاڵتەی پێبکات یان بەبێتە مایەی گاڵتەجاڕیی"(روجیە موکیالی،١٩٨٨، ١٠٠)یان لە ئەنجامی کەموکورتییەک لە ئەندامەکانی جەستەییدا،یاخود نەتوانێت لە بوارەکانی خۆیدا چەندجارێک تووشی شکست بێت و چەند هۆکارێکی تریش...،بەڵام بە گشتی کەسی خۆبە کەمزان کەسایەتییەکی لاواز و بێبەرگی هەیە لە بەرامبەر ئەو کێشانەدا کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و یەقەی دەگرن.ڕەنگە چەندین توانا و بەهرە و بگرە بلیمەتیش لەو کەسانەدا هەبێت،بەڵام بەهۆی دروستبوونی ئەم گرێیەوە،هەمیشە ئەو بەهرەییە لە ناخی خۆیدا دەشارێتەوە و دەرنابڕێت.

لە چیرۆکی (لووت)دا،شاکەس بەهۆی کەموکورتیەکی بچووکەوە،کە لە سیما و ڕووخساریدا هەیە،هەستێکی خۆ بەکەمزانی لای دروستبووە لە ئاست مەعشوقەکەیدا،بێگومان ئەم جۆرە هەستە،هیچ نییە جگە لە کۆمەڵە وەهمێکی کەڵەکەبووی دەور بیرکردنەوە و خەیاڵاتی خودی کارەکتەرەکە.چونکە پزیشکە و ئەو کچەی خۆشی دەوێت دڵنیایی دەدەنێ و پێی دەڵێن:"دڵ لە دڵ مەدە،جوانی بۆ ئافرەت هاتووە،نەک پیاو."(کەمال سەعدی،١٩٩٩، ١٦)

**تاکدەنگی(مۆنۆلۆگ):**

مرۆڤ هەچ کاتێک دوودڵ و ڕاڕا بوو،کە هەمیشە لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات و ئەو قسەکردنەش،چەند جارێ دووبارە دەکاتەوە،تاکو دەبێتە دیاردەیەکی خودی و وەکو خوویەکی دەروونی لێ دێت.ئەم ڕاڕایەش هەندێک کات لە کەم و کورت بچووکی مرۆڤەوە ڕوودەدات،ئەو کاتەی مرۆڤ زیاد لە پێویست،بیر و خەیاڵی دەخاتە لای کەموکوڕییە بچووەکەکان و بە کێشە زۆر گەورە و بێچارەسەر لێیان دەڕوانێت.دیارە ئەم قسەکردنەی شاکەس و ڕۆڵگێرەکانی ناو چیرۆک و ڕۆمان لەگەڵ خودی خۆیان پێیدەوترێت(تاکدەنگی)یان خۆدوانی یاخود تاکدوانی،کە زۆرجار توێژەرانی ئەدەبییەکانی کورد،بەهۆی ناشارەزاییان لە

فەرهەنگ و زاراوە زمانی کوردیی،هەر زاراوە ئینگلیزییەکەیان بە ڕێنووسی کورد بەکەڵک بردووە.
لە بارەی ناساندی تاکدەنگییەوە(جمێس جویس)ی هەڵبەستوان و نووسەری ئیرلەندی سەدەی بیست،وتوویەتی:"تاکدەنگی ناوەکی بریتییە لە قسەکردنی کەسایەتییەکی دیاریکراو،ئامانجێتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بیگوازێتەوە بۆ ژیانی ناوەکی،بەبێ خۆڵقورتاندنی نووسەر،چ بە لێدوان بێت،یان ڕاڤەکردن"(د.نیهان حسون سعدون،٢٠٠٩، ٤٧).
کەواتە تاکدەنگی سیماییەکی دەروونییانە لە خۆ دەگرێت و یان "تاکدەنگی بریتییە لە وتووێژی خودی شاکەسی چیرۆکە یان کەسی دووەمی چیرۆکەکە" (عادل نصورة محمد التمساحي،٢٠٢٠، ٢)،بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێت:کە تاکدەنگی هەر ئەوە نییە لە نێو چیرۆک و ڕۆمانەکاندا ڕەنگییان دابێتەوە،بەڵکو تاکدەنگی یەکێکە لە هەرە خوو دەروونییە دووبارەکانی ڕۆژانەی ژیان مرۆڤەکان،بەو پێی مرۆڤ چەندین جار دەکەوێت دۆخێکەوە،بۆ پێشهاتەکان پێشبینی و ڕاوێژ بە خودی خۆی دەکات،ئەمەش بۆ خۆی جۆرێکە لە تاکدەنگی.

تاکدەنگی ڕۆڵێکی مەزن و گەورەیی هەیە،لە قوڵبوونەوەی بە نێو دەروونی کەسایەتی گێڕانەوەکاندا و لایەنە شاراوەکان و بیرۆکە نائاشکراکانی کاراکتەرەکان ئاشکرا دەکات،هەروەها ڕێگەیەکی چاکە بۆ ئەوەی خوێنەر ئاشنایی ژیان شاراوەکانی کەسایەتییەکان بێت،چونکە"لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە ڕۆماننووس دەچێتە قوڵایی هۆش و ناهۆشی کاراکتەر و لە دڵ و دەروونی کەسایەتییەکان ورد دەبێتەوە"(ڕێبوار ئیسماعیل،٢٠٢٢، ٤٢).
خاسیەتییەکی تری تاکدەنگی کەساتییەکان،درکاندنی شتانێکە لەگەڵ خودی خۆیاندا،بەبێ ئەوەی تر چیرۆکنووس دەسەڵاتی بەسەردا هەبێت،کە ڕێرەو و ڕەوتی چیرۆک و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی کەسایەتییەکان،دەبنە هۆی دروستبوونی ئەو تاکدەنگییە.
"مۆنۆلۆگ کە مرۆڤ(کەسانی چیرۆک)خۆی لەگەڵ خۆیدا قسە دەدوێ و،بەبێ ترس لە(ڕەقیب)کەسانی تر،بە سەربەستی چی لە دڵدایە..حەز و ئارەزوو،ڕق و کینە،بڕیاری نهێنی،نیازی چاک و خراپ...هتد دەردەبڕێ."(حوسێن عارف،٢٠١١، ٧٥)کەواتە بێدەنگی مرۆڤ،جۆرە قسەکردنێکی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا.
هەندێک کات،مرۆڤەکان بێدەنگن دەردەکەون،بەڵام پڕن لە ژاوەژاو و دەنگی ناوەکی،ئەو بێدەنگی جیا لە بێدەنگە بێپەرژێن و بێپەردەکانی تر،چەندین گفتوگۆی ناوەکی لە خۆ دەگرن و مایەی سەرنج و تێرامانی بێبنن."مۆنۆلۆگی ناوەکی هەرچەندە بێ دەستێوەردانی نووسەر لە ناخی کارەکتەرەوە هەڵدەقوڵێت،وەڵی پەیوەندییەکی پتەوی بە واقیعەوە هەیە و لە دواجاردا دەڕژێتە ناو کۆڵێ گێڕانەوەوە".(حەمەسەعید حەسەن،٢٠١١، ١٨)،ئەو دەوروبەر و دۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتییە،کە کارەکتەر ڕۆڵی تێدا دەبینێت،لە چیرۆک و ڕۆمانەکاندا،ڕاستەوخۆی کاریگەری دەبێت لەسەر دروستبوونی تاکدەنگی لە گێڕانەوەکەدا،بۆ نموونە هەندێک کات،شاکەسی چیرۆکەکاندا ڕووبەری کێشەیەک یان بەربەستێک دەبنەوە لە گێڕانەوەکەکاندا کە وا پێویست دەکات ڕاوێژ بە خودی خۆیان بکەن و لەگەڵ خۆیاندا بکەونە گفتوگۆ.
لە چیرۆکی(لووت)دا،لە چەند شوێنێک تاکدەنگی شاکەس بە زەقی تێیدا وێنەی داوەتەوە و دەتوانین تاکدەنگییەکان بەمشێوەیە ئاماژەی لێیەوە بکەین:

لەسەرەتایی چیرۆکەکەوە لە دوای چەند ریزێک دەسپێکردن و کرانەوەی چیرۆکەکە بە ڕووی دەروازەی وشەدا،چیرۆکنووس وای دەگێڕێتەوە:

"لەبری خۆیەوە دەیووت:تۆ بڵێی ناشرینی لووت نەبێتە کۆسپ لەڕێی ئەم خۆشەویستییە؟!"(کەمال سەعدی،١٩٩٩، ١٢)

یاخود

"لە بیری خۆیدا دەیووت:تاقە هیوام ئێرەیە.تۆ بڵێی بەزەیی پێم نەیەتەوە و چارەم نەکات.هەر خۆی وەڵامێ خۆی دەدایەوە و دەیووت:خۆم نەخۆش نیم،تا بەزەیی پێمدا بێتەوە."(کەمال سەعدی،١٩٩٩ ،١٣)

وەکو لێرەدا دیارە،ئەم دوو تاکدەنگییە تاکدەنگی پرسیارییە و شاکەس پرسیاری لە خۆی کردووە و بەبێ ئەوەی لە چاودێر(ڕەقیب) بترسێت.چاودێریش ئەوە کەسە کە چاودێری خەڵکی دەکات،لە کارەکانییدا.

هەروەها لە جێگەی تری چیرۆکەکدا،شاکەسەکە"لەبیری خۆیدا ووتی:دیارە ئەوانەش وەکو من دڵدارن،خۆشەویستی پاڵی پێوەناون خۆیان بخەنە بەر چەقۆی دکتۆر."(کەمال سەعدی،١٩٩٩ ،١٣)

هەروەها لەم پارچە دەقەی چیرۆکەکدا،تاکدەنگی ئەگەریی دەردەکەوێت،چونکە کارکتەرە(دیارە)ی بەکارهێناوە و خاترجەم نییە،لە دەربڕینەکەی.

**ترس لە دەربڕینی ڕاز و نیاز:**
ترس،وەکو کێشەکی دوانەبڕاوی دەروونی مرۆڤ،وەکو مەرگ،وەکو سێبەر،هەمیشە و هەمیشە بە دوایەویتی و لێی دانابڕێت و دەست لە بەرۆکی بەرنادات.ترس تەنها کورتکردنەوەی دۆخێکی دەروونی بچووک نییە،لە نێو سێ پیتی کورتی نەبزوێندا.بەڵکو جیهانێکی فراوان و چەندین چەمکی دەروونی تر لە بازنەی خۆیدا کۆدەکاتەوە.
"ترس:هەڵچوونێکی ئاسایی و سروشتی مرۆڤە.
یەکێکە لەو حەوت هەستەی کە هەموو کەس لە جیهاندا ئەزموونی دەکات.ترس هەڕەشەی ژیان،یان جەستەیی،سۆزیی،یان دەروونی،ڕاستەقینەی و خەیاڵیش دروست دەبێت."(کەنار یاسین عمر،سەلیم ڕەشید ساڵح،٢٠٢٢، ٥٠)هەروەها،چەندین جۆر و چەند لقوپۆی لێ دەبێتەوە.کە یەکێکە لە جۆرە هەرە سەرەکییەکانی ترس بەلای تاکەکانەوە،بریتییە لە ترس لە دەربڕینی ئەو ڕاز و نیاز و نهێنیە پەنگخواردووانەی لە دڵ و دەروونی تاکەکاندا هەن.چونکە هەندێک لەو نهێنیانە دەرگا واڵاکردن لەسەرییان ئیتر دونیایەک لە وێرانە و نەهامەتی بۆ خاوەن نهێنی دەئافرێنن.

نهێنی و ڕاز ئەوە دوو چەمکە هاوواتایەن،کە مرۆڤەکان لە ناخی خۆیاندا هەڵیانگرتووە و نادرکێنن،بەڵام بەرامبەر کەسێک کە هاوڕاز و هاوخەمی ئەوان نەبێت.ترسیش تارماییەکی دەروونی ترە لە گۆمی ژیانی هەر یەکێکماندا پەنگ دەخواتەوە و پەنگ دەخواتەوە...یان تارماییەکەی نابەرجەستەی هەبووە،کە سێبەر بە سێبەر،هەتاو بە هەتاو،تاریکی بە تاریکی شوێن پێمان دەکەوێت و دەیەوێت لە لا کۆلانێکی ژیاندا سەرسممان پێ لێدات و بمانخات

بەسەر تۆقێنکی چاوەڕوان نەکراودا،کە ئێمە هەرگیز چاوەڕێی ئەو دڵبەردی و دڵڕەقییەمان لە ترسێکی بێبوون و بێوجوود و بێسوپا نەدەکرد.
هەندێک کات ترس لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ،چاوگەی ترسە لە وەڵامی نەرێنی،واتا خاوەن ڕاز هەمیشە دەترسێت لەوەی تووشی وەڵامی نەرێنی بێتەوە لەلایەن کەسی ڕاز بۆ دەربڕەوە،بۆیە ئەو نهێنیە لە دڵ و دەروونییدا هەڵگرتووە،لە نێو چوڵەوانییەکی دڵییدا حەشاری دەدات،وەکو حەشاردانی مرواری و گەنجینەیەکی زۆر بە بەها و بە نرخ،لە ترسی چەتە و ڕێگرە قولڵبڕەکان.
ئەم دۆخە دەروونییە،لە چیرۆکی(لووت)دا درکی پێدەکرێت،ئەو کاتەی شاکەسی چیرۆکەکە دەکەوێتە داوی ئەڤینێکەوە بەڵام هەرگیزواهەرگیز،ئەو بە ئەویندارەکەی ناڵێت و هەر بەچەشنەی کە هەیە،لە ناخ و دڵییدا حەشاری دەدات.بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە تەواو لە مەبەستەکەمان تێدەگەن.

"زۆرجار دەیویست خۆشەویستی خۆی بۆ بدرکێنێ،لەو دوو دووڵییەی تیایەتی خۆی ڕزگار بکات،بەڵام جورئەتی نەدەکرد لەبیری خۆی دەیووت:تۆ بڵێی ناشرینی نەبێتە کۆسپ لە ڕێی ئەم خۆشەویستییە؟!"(کەمال سەعدی،١٩٩٩، ١٣)لێرەدا،شاکەس تەواو ترسی لە دەربڕینی ڕاز و نهێنیەک هەیە،کە قەڵای دڵ گەمارۆ داوە و دووچاری دوودڵییەکەی گەورەکەی کردووە،ئەو ترسەش،بریتییە لە دەربڕینی ئەڤینێکی پاک لە هەمبەر شۆخێدا.بە گشتی ترس لە دەربڕینی خۆشەویست بۆ ڕەگەزی بەرامبەر یەکێکە لەبەربڵاوترین ترسی تاکەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا،چونکە مرۆڤ لە کۆمەڵگەی کوردییدا،ترس لە لێکەوتانە هەیە،کە پاش وەڵاکردنی دەروازەی خۆشەویست و ئەڤین بۆ کەسی بەرامبەر دەکەوێتە و ئیتر خەرمانەی ئەو ئەڤینە دەسوتێنیت،کە لە دڵییدا گڵێری کردۆتەوە.

یاخود لە شوێنیکی تردا دەڵێت:"ئەو کچەی خۆشمەوێ زۆر جوانە.تا خاوەنی ئەم لووتەبم،جورئەت ناکەم هەگبەی ڕازەکانمی بۆ هەڵڕێژم."(کەمال سەعدی،١٩٩٩، ١٤).کەواتە لێرە ئەو ڕاستییە دەڵێت:کە هۆی نەدرکاندنی ڕازەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە نارێکی و ناشرینەی لە لووتییدا هەیە و هەر ئەمەش گەورەترین تەگەرە لەبەردەم درکاندنی ڕازەکانی.

**خووی هۆگر بوون:**
هۆگر بوون:بریتییە لە پێویست بوونی بونەوەرێک بە شتێک،بەڵام پێویستییەکی لە ڕادەبەدەر و ئالوودانە و کە ئیتر نەتوانێت بێ ئەو بەرگەبگرێت.هۆگریش:"گیاندارێکە کە خووی بە شتێکەوە گرتبێ."(شێخ مەحەمەدی خاڵ،١٩٥٩، ٥٠٤)،هەروەها هۆگر بۆ ناولێنانی کوڕانیش دەبێ.لە(فەرهەنگی ئەناهیتا)لە بەرانبەر هۆگر،هاوواتاکانی:ئۆگر،دەستەمۆ،ڕام ماڵی، هاواڵ هاتووە.
هۆگربوون،یەکێکە لە نەرێنیترین ئەو خوو دەروونییانەی کە دووچاری مرۆڤەکان دەبێت و لە ئەنجامی گرنگدانێکی لە ڕادەبەردە بە شتێکەوە و کە ئیدی نەتوانێت دەستی لێ هەڵبگرێت،یان خۆی لێ بە دوور بگرێت."زۆرجار مرۆڤەکان هۆگربوون بە خۆشەویستی دادەنێن"(کنێر عەبدوڵڵا،٢٠١٣، ٦٠)بەڵام ئەمە تا ڕادەیەک هەڵەیە،چونکە مرۆڤ گەر هۆگری شتێک بێت،مەرج نییە خۆشبوێت،یان شتێکی خۆشویست مەرج نییە،هۆگری بێت،کەواتە هۆگری و خۆشەویستی دوو چەمکی تەواو جیاواز و هەریەکیان لە دیدگا و گۆشەنیگایەک دەڕواننە ژیان و دەروونزانی.

دەبێت ئەوەش بڵێین:کە هەستی عاشقبوون یەکێکە لەو ڕەهەندە دەروونییانەی کە سەراپای چیرۆکەکەی لە خۆیدا پێچاوەتەوە و هەر لە دەستپێک و سەرەتایی چیرۆکەکە درکی پێدەکرێت،تاکو کۆتایی چیرۆکە و چپاندنی مەعشوق بە گوێی عاشقدا.خۆی لە ڕاستییدا،تەوەری سەرەکی چیرۆکەکە،هەر لە سەر خۆشەویستن و عیشق دامەزراوە و کێشە دەروونییەکانی شاکەسیش لە ئەنجامی عاشقبوونەوە پەرەدەسێنن و دەبنە بە نسکۆی دەروونی. "وێرای بوونی ئەو جیاوازیانە لە نێوان هۆگربوون و خۆشەویستیدا،بەڵام دەتوانرێت بوترێت خۆشەویستی لە دەرئەنجامی هۆگربوونێکی سادە و بەردەوامەوە دروست دەبێت ئیدی قۆناغ بە قۆناغ بەردەوامێتی دەبێت و گەشە دەکات و وای لێدەکات دوا قۆناغ کە خۆشەویستییە لە کۆمەڵدا و لە نێوان خودی مرۆڤەکاندا زۆرجار قوربانیدان دەبێتە خەسڵەتێکی مرۆڤەکان."(کنێر عەبدوڵڵا،٢٠١٣، ٦٣)
وەڵی دەبێ ئەوەش بزانرێت،کە خۆشەویستەیەکی سەخت بۆ خۆی جۆرێکە لە هۆگربوون،چونکە ئەوە کەسە بە سەختی و توندییەوە ئەڤین و خۆشەویستی کەسێک لە دڵییدا دەچەسێت،ئیتر بە تەواوەتی هۆگری دەبێت و بێ ئەو و دیداری ئەو،بۆ ساتێک هەڵناکات. خووی هۆگربوون،بێگومان ئەم جۆرە هۆگربوونەیان، لە کەسایەتی شاکەسی چیرۆکی(لووت)دا،زۆر بە ڕوونی بەدی دەکرێت،ئەی دەمەی هۆگری مەعشوقەکەی بوو و دەیەوێت پێش وادەی تەواوبوونی خوێندنی زانکۆی پێی بڵێیت خۆشمەوێت و بڵندترین لووتکەی دڵی بێنتە لەرزە لە پێش پێیدا.

ڕەنگە هەستی خۆشەویستی پەل بکێشێت بۆ هۆگربوون،هەروەکو ئەو هەستی لە شاکەسی چیرۆک (لووت)لە ئەنجامی ئەوخۆشەویستییەوە تەواو هۆگری ئەو کچە بوو،کە خۆشویست. وەکو چیرۆکنووس دەیگێرێتەوە:"شەرم دایگرت.ویستی قەسەیەک بدۆزێتەوە و ڕاستییەکەی پێ نەڵێ.لە دەمی دەرچوو ووتی:خۆشمەوێ.(کەمال سەعدی،١٩٩٩، ١٤)کەواتە خۆشویستی شاکەس لێرەدا بە تەواوی گۆڕاو بۆ هۆگربوون و سیماییەکی هۆگرانەی وەرگرتووە،بە ڕادەیەک کە نەیتوانیەوە خۆی لێ بدزێتەوە.

**دەرئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوە دەروونییەی کردوومانە،گەیشتووین بە ڕاستی کە شاکەسی چیرۆکەکە بەهۆی ئەو کەموکورتیەی لە لووتییدا هەیە،تووشی چەندین گرفتی دەروونی هاتووە،وەکو(ڕاڕایی و دوودڵی،گرێی خۆبە کەمزانین،خووی هۆگربوون،ترس لە دەبڕینی ڕاز و نیاز.)هەروەها تاکدەنگی ڕۆڵێکی کاریگەریی هەیە،لە پەردە لادان لەسەر لایەنە شاراوەکانی شاکەسی چیرۆکەکە.

**سەرچاوە کوردییەکان:**

١.کەمال سەعدی،کۆمەڵە چیرۆکی تڕحێو،١٩٩٩.

٢.هەڵمەت بایز ڕەسوڵ،ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێزراد حەسەندا،٢٠١٢.

٣.عزالدین احمد عزیز،بنەماکانی دەروونزانی گشتی،٢٠١٤.

٤.هێمن مەحەمەد زۆراب،خۆشەویستی لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە،٢٠١٥.

٥.حەمە سەعید حەسەن،هونەری نووسینی چیرۆک،٢٠١١.

٦.پێشڕەو عەبدوڵڵا،سایکۆلۆژیای شیعری کوردی،٢٠١٢.

٧.کەنار یاسین عومەر،سەلیم ڕەشید سالّح،شەرم و دڵەڕاوکێ لە ڕۆمانی(لاکێشە ڕووناکەکان)عەبدوڵا سەراجدا،٢٠٢٢.

٨.ئارام عمر علی،ئاوات حسن والی،هەڵچوون وەکو دیاردەیەکی دەروونی لە دەقی( ئێستا کچێک نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەسدا.٢٠١٩.

٩.کنێر عەبدوڵا،تۆم خۆشدەوێت،ئەی تۆ،٢٠١٣.

١٠حسێن عارف،نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا.٢٠٠٢.

١١.د.شکری عزیز ماضي،وەرگێرانی،پ.ی.د سەردار ئەحمەد گەردی،ساڵـ.

١٢.لە عەرەبییەوە سەنگەر زراری،کۆمەڵە نووسەر،٢٠٢١.

١٣.حەمە مەنتک،مێتۆدەکانی ڕەخنەیی ئەدەبی،٢٠١٨.

١٤میلان کۆندیرا،وەرگێران کەریم پەڕەنگ،هونەری ڕۆمان،٢٠٠٨.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١٥.روجیە موکیالي،ترجمة موریس شربل،عقدة نفسیة، ١٩٨٨

١٦.و.ج.ماكبرايد،مركب نقص و عقدة نفسية،

١٧.تورج سهرابي،حامد صدقي،دراسة تاثير العقد النقص في هجو بشار بن برد،٢٠١٥

١٨.مهدي نودهي،عباس كنجلي،حسن شمس ابادي،اشكال توفيق بين دوينة و تعويض في قوة ادونييس و شاملو الابداعية,٢٠١٨

١٩.د.سامي الدروبي،علم نفس و الادب،ساڵ ـ

٢٠.د.محمد عيسى،القراء نفسية في نص الادبي،٢٠٠٣

٢١،جان بيلمان نويل،التحليل النفسي و الادب،١٩٩٧

٢٢.حامد العبدالقادر،دراسات علم نفس الادبي،ساڵـ

٢٣.عبدالقادر الطيب،القراء نفسيية،القصيدة العربية معاصرة،٢٠١٥

٢٤.نعيمة انسان،اتجاهات نقد القصة القيصرة في الجزائر،٢٠١٥

٢٥.بخوش وليد،محاضرات مدخل علم نفس،٢٠١٧

٢٦.حصة بن مسفر غامدي،الوسواس القهري،٢٠١٩

٢٧.عبدالمحسن طة بدر،حول الاديب و الواقع،١٩٨١

٢٨.اسامة فراحات،مونولوج بين دراما و شعر،١٩٩ع

٢٩.عادل نصورة محمد التسماحي،بين مونولوج داخلي و خصوصية التشكيل مقاربة في رواية"ستر"
٢٠٢٠

٣٠.ندى الحسن محمد،فاعلية الحوار في قصص الجمال نوري ـ دراسة تحليلة.

٣١.د.نبهان حسون السعدون،الحوار في القصص علي فهادي:دراسة تحليلية.٢٠٠٩

فەرهەنگەکان:
٣٢.شێخ محمدی خاڵ،فەرهەنگی خاڵ،١٩٥٩.

٣٣.فەرهەنگی هاوچەرخی کوردی،لینک...